# موزیکفۆنە دوو سیمکارتەکەی نۆکیا

چەند رۆژێك لەمەوبەر کۆمپانیا نۆکیا هاندی جۆری X2-02 کە خاوەنی دەبڵ سیمکارتە تایبەتە بەبڵاوکردنەوەی مۆسیقا خستە بازاڕەوە کەئەو هاندە پشتیوانی تەواو لەهێڵی ئینتەرنێت دەکات.

نۆکیای جۆری X2-02 لەبواری دیزاینەوە وەك X1-01 دەچێت، وەك ئەویش هاوکات لەدوو سیم کارت سوود وەردەگرێت. بەسوود وەرگرتن لەسیستەمی Easy Swap بەکارهێنەر بەئاسانی دەتوانێت گۆڕانکاری لەنێوان سیمکارتەکاندا پێکبێنێت. هەتا دەتوانرێت 5 سیم کارتیشی بۆ دابندرێت. بۆ هەرکام لەسیم کارتەکان ناو و زەنگی تایبەتی دابندرێت.

ئەو مۆبایلە زیاتر تایبەتە بەبڵاوکردنەوەی مۆسیقا، چونکە دوگمەکانی تایبەت بەکۆنترۆڵ کردنی دەنگ، سپیکەری بەتوانای 106 فون، میمۆری ناوخۆی هەتا 32 گیگابایت لەگەڵ کارت میمۆری جۆری مایکرۆی هەیە. هاندەکە چەند ڕەنگێکی هەیە وەك ڕەساسی، نارنجی، مۆر. هاندی ناوبراو هاندێکی زۆر پێشکەوتوو نییە، بەڵام بە بەراورد بەنرخ و بەهای مۆبایلەکە دەکرێت بڵێین مۆبایلێکی گونجاوە، چونکە نرخی مۆبایلەکە تەنیا 70 دۆلارە.






## کیبۆردێک لەگیرفاندا جێی دەبێتەوە

لەگەڵ ئەوەیدا کە کۆمپیوتەرەکانی جۆری تەبلێت و نوت بوك، پەرەدەسێنن، کۆمپانیایەکی ژاپۆنی کیبۆردێکی تایبەت بەکۆمپیوتەری جۆری تەبلێت و نوت بوکی بەرهەم هێناوە کە دەکرێتە چوار بەش و بەئاسانی لەبەرکدا هەڵدەگیرێت.

کیبۆردی Thanko بەهۆی کێبڵی USBیەوە لەتەبلێت یا نوت بوك پێوەند دەدرێ و دەبێتە چوار بەشی پێکەوە بەستراو. دوگمەکانی ئەو کیبۆردە وەك کیبۆردێکی ستاندارد مەودای نێوانیان رەچاو کراوە. کێشی کیبۆردەکە 226 گرامە و لەگەڵ هەردوو جۆری کۆمپیوتەری ماك و ویندۆز دەگونجێت.

# گیگابایت و نوتبوکێکی خێرا و لەمسی




کۆمپانیای گیگابایت لەم دواییانەدا نوێترین نوت بوکی خستە بازاڕەوە، کە بەمۆدێلی T1132 ناسراوە و تواناکانی گەلێك بەرچاون.

ئەو نوتبوکە نوێیە پرۆسیسەری جۆری Core i5ی کۆمپانیای ئەنتەلی لەسەرە و دوو سپیکەری ناوخۆ و دوو ساب وفێری تێدایە کە لەسیتسەمی تەکنۆلۆژیای THX trustudio بۆ بەهێزکردنی دەنگ کەڵك وەردەگرێت.

ئەم کۆمپیوتەرە بچووکە لەڕاستیدا کۆمپیوتەرێکە کە سێ ئەرکی گرنگ ئەنجام دەدات و لەشاشەی جۆری 6,11 ئینجی LED تەواو لەمسی سوود وەردەگرێت. کێشی ئەم نوت بوکە 1.7 کیلۆگرامە.

جگە لەوە سیستەمی پێوەندی Wi-Fi و G3/5ی هەیە و شاشەکەی توانای سووڕانی 360 پلەیی هەیە. هەروەها شوێنی USB3.0ی هەیە. سیستەمی ویندۆز7ی ئۆرجینال لەسەر نوت بوکەکەیە. جگە لەوەش وێبکەمی خۆی لەگەڵدایە.




# خزمەتگوزارییەکی نوێ لەفەیسبووکدا

فەیسبووک ئێستا لەڕیزی تۆڕە کۆمەڵایەتە بەناوبانگەکان دەناسرێت و هەتا ئێستاش لەپێشەنگدایە. لەم دواییانەدا فەیسبووک دوگمەی تایبەتی هاوبەشی دانان ( Su-scribe) لەسایتەکەی خۆیدا زیاد کردووە. بەهۆی ئەو فەرمانەوە بەکارهێنەردان دەتوانن بابەت و مەبەستەکانیان بۆ ئەو بەکارهێنەرانیش دابنێن کە هاوڕێی ئەویش نین واتە لەڕیزی دۆستانیدا نین. بەڵام ئێستا پێدەچێت فەیسبووک زیاتر گرنگی بەو فەرمانە بدا و بەرفرەتری بکات، بەپێی هەواڵەکانی کە لەم بوارەدا بڵاو بوونەتەوە فەیسبووک بەنیازە پرۆگرامێکی تایبەت بەو دوگمە هاوبەشە دابنێت تاکو بکرێت بابەتەکان بۆ وێب سایتەکانیش بنێردرێت.

هەرچەندە ئێستاکە کۆمپانیا و وێبسایتەکان ناچارن لاپەڕەیەکی تایبەت بەخۆیان لەفەیسبووکدا بکەنەوە تاکو بەکارهێنەرانی خۆیان بتوانن لەدوایین چالاکی وبابەتەکانیان ئاگادار بن. بەڵام ئەو فەرمانە نوێیەی فەیسبووک یارمەتییەکی زۆر بەسیتسەمی ڕاگەیاندنی وێبسایتەکان دەبەخشێت و ئەرکەکانیان ئاسانتر دەکاتەوە و ئەوان ڕاستەوخۆ دەتوانن بابەتەکانیان بۆ ماڵپەڕەکان بنێرن.

# چوارچێوەی وێنەی دیجیتالی کەشوهەوا نیشان دەدات




زۆرجاران باسمان لە بەتەکنۆلۆژیا بوونی کۆمەڵگا کردووە کە تەکنۆلۆژیای نوێ هەموو بوارەکانی ژیانمانی داگیر کردووە، ئێستا کە چەندین ساڵە وێنەی دیجیتالی شوێنی کامێرای ئەنالۆگی گرتۆتەوە، چوارچێوەی وێنەکانیش گۆڕانیان بەسەرداهاتووە. هەموومان لەبیرمانە چوارچێوەی وێنە تەنیا یەك وێنەی تێدەخرا ئەویش بەپێی سایزی خۆی، چوارچێوەیەکە یان لەدار یان لەمادەیەکی دیکە دروست دەکران، بەڵام چوارچێوەی دیجیتالی وێنە دەکرێ بڵێین کۆمپیوتەرەکە بۆخۆی.

یەکێك لەم چوارچێوە وێنانە چوارچێوەی وێنەی دیجیتالی Elonex ws710یە. ئەو چوارچێوەی وێنەیە خۆی ڕیمۆت کۆنترۆڵی لەگەڵدایە و ئەو چوارچێوەیە تەنیا ئەرکی نیشاندان و هەڵگرتنی وێنەکان نییە، بگرە ئەگەر لەچوارچێوەی دەرەوەی ماڵەوە بێت، ئەوە بەشێوەی وایەرلەیس ئەرکی کەشناسیش ئەنجام دەدات. پلەی گەرما و شێی دەوروبەر نیشان دەدات. جگە لەوەش ڕادیۆی تێدایە دەتوانیت بەهۆیەوە گوێ لەڕادیۆ بگری.

# کانون و کامێرایەکی پیشەیی زۆر بچووک



کۆمپانیای کانون کە گەلێك ساڵە لەڕیزی کۆمپانیا بەناوبانگەکانی بەرهەمهێنی مۆبایــل دایە، بەم دواییە کامێرایەکی فیلم هەڵگرتنەوەی بۆ کامێراوانی پیشــەی بەناوی XA10 بەرهەم هێناوە.

لەگــەڵ ئەوەیدا کامێراکــە قەوارەکەی ئەوەندە بچووکە کــە لەپەنجەدا جێگای دەبێتەوە، بەڵام لێنزی کامێراکە تیرەکەی 30,4 ملمە و توانای زومی ئیپتیکالی 10 بەرامبەرە. هەستەوەری ئەم کامێرایە لەجۆری COMSە و توانای خەزن کردنی فیلمی بەشێوەی Full HD هەیە.

لەگەڵ ئەوەیدا کامێراکە بەهۆی سیســتەمی تیشکی سەرووی ســوور توانــای وێنەگرتنی لەشــوێنی تاریکیشدا هەیە. کامێرای جۆری XA10 توانای فۆکســی ئۆتۆماتیکی و خێــرای هەیە و هەروەها لەتەکنۆلۆژیــای ناســینی ڕووخســاریش ســوود وەردەگرێت.

# کامێرایەک بەقەد سەرە پەنجەیەک

لەم سەردەمەدا کە تەکنۆلۆژیا بەردەوام بەرەو پێش دەچێت و هەموو شتێك بەرەو بچووك بوونەوەو تەنکتر بوون هەنگاو دەنێت، کامێرا دیجیتالییەکانیش وەك هەمـــوو ئامێرەکانی دیکە خەریکن بـــەو قۆناغەدا دەڕۆن، بۆ نموونە کۆمپانیــای Hammacher Schlemer لەم دواییانەدا دەکرێت بڵێین بچووکترین کامێرای لەجیهاندا بەرهەم هێنا.

ئەم کامێرا بچووکە دەکرێت لەهەموو شــوێنێك فیلم هەڵبگرێتەوە و بێ ئەوەی کە هیچ کەسێك هەستی پێ بکات تەنانەت دەکرێت لەجلوبەرگیشدا حەشار بدرێت بەم پێیەی کامێرای کۆمپانیای ناوبراو زیاتر کاری سیخوڕی و نهێنی پێ ئەنجام دەدرێت.

کامێراکــە ســایزەکەی لەهەموو لایەکەوە تەنیا یەك ئینجە و کێشــی کامێراکەش 14 گرامە، گەر ســەبارەت بەتوانا و کوالیتی و سایزی وێنە و فیلمی کامێراکە پرســیار بکەی، دەکرێ بڵێین لەکامێرایەکی وا بچووك ناکرێت چاوەڕوانی شتی گەورە بکرێت.

وێنەی کامێراکە 2 میگاپیکســلە، لەبواری فیلم هەڵگرتنەوەشدا 30 فرێــم لەچرکەیەکدا وێنە هەڵدەگرێتەوە، بۆ خەزن کردن لەمیمۆری جۆری micro SD بەتوانــای 2 گیگابایــت هەتــا 32 گیگابایت کەڵك وەردەگیرێ. کامێراکە بەهۆی کێبڵــی USB یەوە لەکۆمپیوتەر پێوەند دەدرێت.





# سەرنجێک بەسەر تەبلێتی 700Tیدا

لەو کاتەوە تەبلێــت وەك ئامێرێکی تەکنۆلۆژیای نوێ بەرفرە و گشــتگیر بووە، ڕکابەرییەکــی زۆر لەنێــوان کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنــی ئامێری دیجیتالی ســەبارەت بــە بەرهەمهێنانی تەبلێــت لەگۆڕێ دایە، لــەو نێوەدا کۆمپانیای سامســۆنگ هەمیشە بەتەبلێتی نوێوە لەڕیزی یەکەمەکاندا بووە. لەم دواییەدا نوێترین تەبلێتی سامســۆنگ بەناوی 700T هاتە بەرهەم کە تەواو لەمســییە و زۆریش خێرایە، هەرچەندە ویندۆز7 لەســەر ئــەم تەبلێتیە، بەڵام ویندۆز7ەکە بۆ خێرایی و کارکرد شــێوەی ویــندۆز 7 دەدات، گرفتێك کە لەم تەبلێتــەدا هەیە ئەوەیە کە کارکــردن بەکیبۆردی مەجــازی تەبلێتەکــە دژوارە، هەربۆیە ڕاســتەوخۆ کیبۆردێکی واقیعیان بەجیا بۆ داناوە. تەبلێتەکە زۆر وەك لاپتۆپ دەچێت، لەیەکەم نیگادا هەست پێدەکەی لاپتۆپێکە. لێرەدا پرسیارێك دێتە گۆڕێ، ئایا لەداهاتوودا تەبلێتەکان دەتوانن شوێنگرەوەیەکی باش بن بۆ کۆمپیوتەری جۆری لاپتۆپ؟




# LG گەورەترین مۆنیتۆری سێ ڕەهەندی بەرهەم دێنێ

جیهانی سێ ڕەهەندی هەرچەندە لەجیهانی ئامێری دیجیتالیدا تەمەنێکی دوورودرێژی نییە، بەڵام پێدەچێت جیهان بەرەو سێ ڕەهەندی هەنگاو بنێت، لەنوێترین هەوڵدا لەم بوارەوە کۆمپانیای LG توانی گەورەترین مۆنیتۆری سێ ڕەهەندی بێ چاویلکە بەرهەم بێنی. مۆنیتۆرەکەی LG سایزەکەی 25 ئینجە و بەمۆدێلی جۆری DX2500ناسراوە.

ئەو مۆنیتۆرە بۆ نیشاندانی وێنەی سێ ڕەهەندی لەتەکنۆلۆژیای Head Tracking واتە "گەڕان بەدوای سەردا" سوود وەردەگرێت. هەرچەندە کۆمپانیای ناوبراو پێشتر مۆنیتۆری جۆری D2000 بەسایزی 20 ئینج بەرهەم هێنابوو، بەڵام ئەوەیان چەند ئینجێك گەورەترە. تەکنۆلۆژیای Head Tracking ئەو تەکنۆلۆژیەیە کە شوێنی سەرو دەم و چاوی بەکارهێنەرەکە دەناسێ و بە سوود وەرگرتن لەشوێنی جێگیربوونی بەکارهێنەرەکە وێنەی سێ ڕەهەندی بڵاو دەکاتەوە. هەرچەندە ئەگەر سەری بەکارهێنەرەکە بەرامبەر بەشاشەکەش نەبێت دیسان هەر وێنەی سێ ڕەهەندی بڵاو دەکاتەوە. بەڵام بەهۆی ئەو سیستەمەوە چەند بەکارهێنەر ناتوانن پێکەوە سوود لەو شاشەیە وەربگرن و شاشەکە تەنیا بۆ یەك کەس دەگونجێت.

تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەو مۆنیتۆرە ئەوەیە کە وێنەی دوو ڕەهەندی دەکاتە سێ ڕەهەندی.

# پرۆگرامێک بۆ دروستکردنی گۆڤار و ڕۆژنامەی دیجیتالی

دروستکردنی کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤاری دیجیتالی بەجۆرێك کە وەك کتێبی ئاسایی بتوانی لاپەڕەکانی هەڵبدەیەوە ماوەیەکە لەماڵپەڕەکاندا دەبیندرێ.. تەنانەت زۆر گۆڤار و ڕۆژنامە هەوڵیانداوە گۆڤار و ڕۆژنامەکانیان هەروەك لەسەر کاغەز لاپەڕەکانی هەڵدەدەیەوە لەسایتەکەشدا بەم شێوەیە بێت.. دەکرێ بڵێین لەریزی باشترین پرۆگرامەکان کە ئەم ئەرکە جێبەجێ دەکەن پرۆگرامی Ncesoft Flip Book Makerـە کە بەهۆیەوە دەکرێت گۆڤارێکی دیجیتالی دروست بکەی کە بتوانی لاپەڕەکانی هەڵبدەیەوە، بەهۆی ئەو گۆڤارەوە دەکرێت، ئەلبومی دیجیتالی، کاتالۆگی کۆمپانیاکان و کارت پۆستالی سەری ساڵ..تاد. دروست بکەی. تەنانەت دەتوانی ئەو بەرهەمەی دروستی دەکەی بیکەی بەسکرین سیڤەر بۆ کۆمپیوتەرەکەت.





# هەر جارەو وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێزی لاپەڕەکەمان پرسیار لەوە دەکات کە ئایا ئەو دەستەواژانەی لەکۆمپیوتەردا بەکاری دێنن وەك "کیلۆبایت، میگابایت، گیگابایت...تاد" مانا و چەمکی ئەو واژانە چییە؟

خوێنەری بەڕێز بۆ پێوانەکردنی هەر شتێك پێویستی بەدەستەواژەی تایبەت بەو شتە هەیە، بۆ نموونە لەپێوانی ماددەی شلەمەنیدا دەستەواژەی "لیتر Liter" بەکار دێنن، بۆ پێوانەی کێشان دەستەواژەی "کیلۆگرام kilogram " بەکار دێنن، بۆ پێوانی مەودا و ڕێگاوبان دەستەواژەی "کیلۆمەتر" بەکار دێنن.. تاد. بۆ پێوانەی یەکەی زانیاری لەکۆمپیوتەردا دەستەواژەی "کیلۆ بایت کە کورتکراوەکەی ئاوایە "KB" بەکار دەهێنرێت. بچووکترین یەکەی زانیاری کۆمپیوتەر "بیت"ـە بەهەر ٨ بیتێك "بایت" دەگوترێ، بە١٠٢٤ بایت "کیلۆبایت" دەگوترێ، بە١٠٢٤ کیلۆ بایت "میگابایت" دەگوترێ، بە١٠٢٤ میگابایت "گیگابایت دەگوترێ.. بە١٠٢٤ گیگابایت "ترا بایت" دەگوترێ.. تاد.. ڕەنگە پرسیارێك بێتە پێش کە بۆچی ژمارە پێوانەکە ١٠٢٤ـە لەکاتێکدا لەپێوانەکانی دیکە وەك "کیلۆگرام، کیلۆمەتر" ژمارەکە "١٠٠٠"ـە؟ لەبەر ئەوەی چونکە بچووکترین یەکەی کۆی کۆمپیوتەر کە بایتە ژمارە ٨ە، کەوایە ڕێژەکە بەمجۆرەی لێدێت "٨-١٦-٣٢-٦٤-١٢٨-٢٥٦-٥١٢-١٠٢٤" دەبینی لەسەر زۆربەی ئامرازەکانی خەزنکردنی زانیاری کۆمپیوتەر یەکێك لەم ژمارانە هەیە. وەك فلاش میمۆری، CD..تاد..